# پێغەمبەر زەکەریا

## زەکەریا

دوو وانەی لەومەو پێش، فێربووین چۆن پێغەمبەری خودا ئیرمیا بە قەومی خۆی جولەکەی ووت ئەگەر وریای ووشەی خودا نەبن و تۆبە نەکەن لە گوناهەکانیان، ئەوا خودا ڕێگا دەدات بە سەربازەکانی بابل بێن و وڵاتەکەیان وێران بکەن و ڕایان ماڵن بەرەو دوور. زۆربەی جولەکەکان گرنگیان نەدا بە ئاگادارییەکانی ئیرمیا. لە دەرئەنجامدا، سوپای بابل لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتن و قودسیان وێران کرد و پەرستگاکەیان تێك شکاند و جولەکەکانیان بە کوێلە برد، و بەرەو بابل ڕاپێچ کران هەروەك پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کردبوو. بەو شێوەیە جولەکەکان بلاو بوون، لەبەر ئەوەی ڕەتیان کردەوە بە گوێی ووشەی پێغەمبەری خودا بکەن.

بەڵام ئایا نادڵسۆزی جولەکەکان دەتوانێ دڵسۆزی خودا تێك بدات؟ هەرگیز! بخوێن پێغەمبەر ئیرمیا چی بە جولەکەکان ووت، کەوا ئێستا دەستگیر کراون لە بابل لەبەر گوناهەکانیان. پێیانی ووت: (ئیرمیا ٢٩) [٤] پەروەردگاری سوپاسالار خودای ئیسرائیل ئاوای فەرموو بە هەموو ئەو ڕاپێچەی لە ئۆرشەلیمەوە ڕاپێچم کردن بۆ بابل [١٠]... لە دەمی تەواوبوونی حەفتا ساڵ لە بابل، بەسەرتان دەکەمەوە و وشە باشەکەم سەبارەت بە ئێوە دەهێنمە دی، بە گەڕاندنەوەتان بۆ ئەم شوێنە. [١١] چونکە خۆم ئەو پلانە دەزانم کە بۆ ئێوەم داڕشتووە... پلانی ئاشتی نەک خراپە، تا دواڕۆژ و هیواتان بدەمێ.

بەم ڕاگەیاندنە، پێغەمبەر ئیرمیا بە جولەکەکانی دەوت کە تەنانەت ئەگەر ئەوان خودایان لە بیر کردبێ، بەڵام خودا ئەوانی لە بیر نەکردووە! لەپاش حەفتا ساڵ، خودا پلانی دانا بیانگەڕێنێتەوە بۆ خاکی باب و باپیرانیان. ئەوە ئەوەبوو کە ئیرمیا بە جولەکەکانی ووت کەوا دەست بەسەر داگیراو بوون لە بابل. بەڕاستی، خودا دڵسۆزە. خودا لە یادی نەچوو بوو کە بەڵێنی دابوو هەموو نەتەوەکانی جیهان لە ڕێگای نەوەکانی ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب بەرەکەتدار بکات. خودا لە یادی نەچوو بوو کە نیازی بەخشینی متمانەی ووشەی خۆی بە گەلی ئیسرائیل بدات تاکو ئەوانیش بتوانن لەنێو نەوەکانی ئادەم بڵاوی بکەنەوە. لە دیراسەتەکەمان بینیمان چۆن خودا پێغەمبەرانی خۆی هەڵدەبژارد لەنێوان جولەکەکاندا و وەحی بۆ دەناردن تاکو بانگەواز بۆ ووشە پیرۆزەکەی بکەن و بینووسن بۆ خەڵکی نەوەی ئایندە. دەزانین چۆن خودا پەرتوکی تەوراتی لە بیری موسا چەسپاند و گۆرانییەکانی زەبوورەکان لە دڵی داوود. بە هەمان شێوەیە بینیمان چۆن خودا وەحی بۆ جولەکەکانی تر دەنارد وەك یەشوع و ساموئێل و سلێمان و ئیشایا و ئیرمیا و دانیال تاکو ووشەی خودا بنووسنەوە. سەرنجمان دا چۆن هەموو نووسینەکانی پێغەمبەرانی خودا ئەو پلانە سەرنج ڕاکێشە ڕادەگەیێنن کە خودا دایناوە بۆ ئەوەی ڕزگاری دەرێکی جیهان بنێرێ لە نەتەوەی ئیسرائیلەوە.

ئەمڕۆ دەبینین چۆن خودا جولەکەکانی ناردەوە بۆ خاکی یەهودا کەوا مەسیحی لێ لەدایك دەبێت، و بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ لە پلانەکەی لە هێنانی مەسیح بۆ دونیا. فێردەبین چۆن جولەکەکان گەڕانەوە قودس لەپاش حەفتا ساڵی دەست بەسەر گیراوی، هەروەك پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کردبوو.

کە دەست بە خوێندنەوە دەکەین، با لە یادمان بێت کە خاکی بابل ئێستا پێی دەوترێ فارس، لەبەر ئەوەی فارس بابلیان بەزاندبوو. لە بەشی یەکەمی سیپارەی عەزرا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ:

(عەزرا ١) [١] لە ساڵی یەکەمی کۆرەشی پاشای فارسدا بۆ هاتنەدی وشەی پەروەردگار کە لەسەر زاری ئیرمیاوە فەرموو بووی، ڕۆحی پەروەردگار کۆرەشی پاشای فارسی ئاگادار کردەوە و ئەویش لە هەموو پاشایەتییەکەی دا جاڕی دا و هەروەها بە نووسینیش، وتی: [٢] (کۆرەشی پاشای فارس ئاوا دەڵێت: پەروەردگار خودای ئاسمان هەموو شانشینەکانی زەوی داوە بە دەستم و

ئەو ڕایسپاردووم لە ئۆرشەلیم ئەوەی لە یەهودا دایە پەرستگایەکی بۆ بنیاد بنێم. ٣ کێ لە ئێوە لە هەموو گەلەکەیەتی، با خودای خۆی لەگەڵ بێت و بەرەو ئۆرشەلیم ئەوەی لە یەهودا دایە سەرکەوێت و ماڵەکەی پەروەردگار خودای ئیسرائیل... ٥ جا سەرگەورەکانی ماڵە باوکانی یەهودا و بنیامین لەگەڵ کاهینەکان و لێڤییەکان و هەموو ئەوانەی خودا ڕۆحی ئاگادار کردنەوە هەستان بۆ ئەوەی بڕۆن تا ماڵەکەی پەروەردگار ئەوەی لە ئۆرشەلیمە بنیاد بنێن. ٦ هەموو ئەوانەش کە دەوروبەریان بوون بە قاپوقاجاخی زیو و زێڕ و بە کەلوپەل و ئاژەڵی ماڵی و بە شتی نایاب یارمەتییان دان، جگە لە هەموو ئەو شتانەی بەخشینە ئازادەکان. ٧ کۆرەش پاشاش قاپوقاچاغەکانی ماڵی پەروەردگاری دەرهێنا، ئەوانەی نەبوخوزنەسەر لە ئۆرشەلیمەوە دەریهێنا بوون و لە ماڵی خوداکەی خۆی دانا.

ئایا خودا ئەو شتەی بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەر ئیرمیا زۆر لەوە پێش جێ بە جێ کرد؟ بێ گومان! تائێستا بینیمان چۆن خودا ڕێگای دا بەپاشای بابل قودس وێران بکات و پەرستگای خودا تێك بشکێنێ — وەك چۆن ئیرمیا پێشبینی کرد. و ئێستاش دەبینین کۆرەشی پاشای فارس، فەرمانی بە جولەکەکان دا ئەوەی حەزی لێیە بگەڕێتەوە بۆ خاکەکەیان و دووبارە پەرستگا و شاری قودس بنیات بنەنەوە — دووبارە وەك چۆن پێغەمبەر ئیرمیا پێشبینی کرد. بەڕاستی، پەروەردگار پاشای پاشایانە. ئەو ئەو کەسەیە کە کۆنترۆڵی کات و وەرزەکان دەکات. هەموو ئەو شتانەی ڕایبگەیێنێ دێتە دی! پێغەمبەر سلێمان نووسیویەتی: (دڵی پاشا لەناو دەستی پەروەردگار جۆگەی ئاوە، بۆ کوێ بیەوێت ئاراستەی دەکات.) (پەندەکان ٢١: ١)

پاشان نووسراوە پیرۆزەکان وسفی ئەوە دەکات چۆن گروپێکی جولەکە خاکی فارس بەجێ دێڵن و بەرەو خاکی یەهودا و شاری قودس گەشت دەکەن. جولەکەیەك بە ناوی **زروبابل** پێشەوایان بوو. کاتێ گەیشتنە قودس، تووشی کێشەیەکی زۆر بوون چونکە شارەکە وێران بوو، و ئەو پەرستگایەی سلێمان بنیاتی نابوو کەلاوە بوو. هیچ بەجێ نەمابوو لەوێ جگە لە پارچە بەردی شکاو و خۆڵەمێش.

بۆیە نووسراوە پیرۆزەکان دەگێڕێتەوە چۆن جولەکەکان یەکەم جار کۆبوونەوەیەکیان بەستا لەو شوێنەی پەرستگای پەروەردگاری لێ بوو. لەوێ دووبارەی قوربانگاکەیان بنیات نایەوە و چەن ئاژەڵێکیان کردە قوربانی. پێکەوە سوپاس و ستایشی پەروەردگاریان کرد بۆ پاراستنیان لە بابل و فارس بۆ ماوەی حەفتا ساڵ و لەبەر هێنانەوەیان بۆ وڵاتی خۆیان. خودا لەگەڵ ئەو جولەکانەدا بوو، بۆ یارمەتیدانیان و بەهێز کردنیان — تاکو لەپاش هەوڵدانێکی زۆر و چەن ساڵێکی زۆر لە ماندووبون — توانیان دووبارە پەرستگاکە بنیات بنەنەوە و شاری قودس و دیوارەکانی دەوری درووست بکەنەوە.

لەوانەیە تۆ بپرسیت، (چیرۆکی گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ قودس چ پەیوەندییێکی بە ئێمەوە هەیە؟) گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ خاکەکیان زۆر گرنگە چونکە لە خاکی یەهودا بوو، لە بەشی باشووری فەلەستین، کە مەسیح لە دایك دەبوو. پێویست بوو کە جولەکەکان بگەڕێنەوە خاکی یەهودا تاکو ڕزگاری دەری جیهان — ڕزگاری دەری تۆ — لەوێ لەدایك بێت!

لەو کاتەی جولەکەکان گەڕانەوە بۆ قودس، خودا پێغەمبەرێکی بۆیان دابین کرد بە ناوی زەکەریا. ئەم زەکەریایە جیاواز لەو زەکەریایەی باوکی پێغەمبەر یەحیا. خودا زەکەریای نارد بۆ بە هێزکردنی باوەڕی جولەکەکان بە خودا و بەڵێنەکانی. زەکەریا پەیامێکی گرنگە هەبوو بۆ گەیاندن. ئەو کاتەی خودا داینا بوو بۆ ناردنی مەسیح نزیك دەبووەوە! تەنها پێنج سەد ساڵ مابوو پێش ئەوەی ڕزگاری دەرەکە بێتە جیهان.

با تەماشای چەن ووشەیەك بکەین لە وانەی خودا لە بیری زەکەریای دانا. لە بەشی یەکەمی سیپارەی زەکەریا دەخوێنینەوە، نووسراوی پیرۆز دەفەرموێ: (زەکەریان ١) ١ وشەی پەروەردگار بۆ زەکەریا پیغەمبەر کوڕی بەرەخیای کوڕی عیدۆ هات و فەرمووی: ٢ (پەروەردگار زۆر لە باووباپیرانتان تووڕە بوو...٤ وەک باووباپیرانتان مەبن ئەوانەی پیغەمبەرەکانی پێشوو بانگیان

کردن و وتیان: پەروەردگاری سوپاسالار ئاوا دەفەرمووێت، (ئێستا بگەڕێنەوە لە ڕێگا خراپەکانتان و لە کردەوە خراپەکانتان،) بەڵام گوێیان نەگرت و سەرنجیان نەدامێ، پەروەردگار فەرمووی. [٥] کوا باووباپیرانتان لەکوێن؟ ئەی ئایا پیغەمبەران تاهەتایە دەژین؟ [٦] بەڵام وشەکان و فەرزەکانم کە فەرمانم پێکردن بە پێغەمبەرە خزمەتکارەکانم، ئایا بە باووباپیرانتان نەگەیشتن؟

خوێندیت لەو ئاگادارییە بوو کە پێغەمبەر زەکەریا بە جولەکەکانی دا؟ پێیانی ووت، (پەروەردگار زۆر لە باووباپیرانتان تووڕە بوو! وەک باووباپیرانتان مەبن!) بۆچی خودا لە باوباپیرانی جولەکە توڕە بوو؟ خودا لێیان توڕە بوو چونکە وریای ووشەی پێغەمبەران نەبوون کەوا خودا بۆیانی ناردبوو. لەبەر ئەوە بوو ئەنجامەکەیان دەست بەسەر داگرتن بوو لە بابل. باوباپیرانیان ئایینی بوون، بەڵام خودا دڵی پێیان خۆش نەبوو چونکە قسەی پێغەمبەرانیان پشت گوێ دەخست. جولەکەی ئەو کاتە وەك خەڵکی ئێستا وابوون کە دەڵێن، (بێ گومان باوەڕمان بە هەموو پێغەمبەران هەیە!) بەڵام ئاشکرایە کە ئەوان بە ڕاستی باوەڕیان بە پێغەمبەرانی خودا نیە، لەبەر ئەوەی وریای ئەو شتانە نین کە پێغەمبەران نووسیویانە لە نووسراوە پیرۆزەکان. ئایینیان هەیە، بەڵام پەیوەندییێکی کەسییان نیە لەگەڵ خودی خودا. زۆربەی باووباپیرانی جولەکە ئاوها بوون. تەقدیری ووشەی پێغەمبەرانیان ناگرت. بە زمان خودا بەرز ڕادەگرت بەڵام بە دڵ ووشەی خودایان وەرناگرت. بۆیە، خودا خزمەتکاری خۆی زەکەریای نارد بۆ جولەکەکان بۆ ئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە شوێنی باووباپیرانی خۆیان نەکەون کەو بەردەوام دەیانوت (خودا، خودا، خودا) بە زمان، بەڵام ووشەی خودایان پشت گوێ دەخست کە لەسەر زاری پێغەمبەرانیەوە بۆیانی دەنارد.

لەپاش ئەوەی زەکەریا جولەکەکانی ئاگادار کردەوە، دەست کرد بە باسکردنی ڕزگاری دەری کە دێت. لە سیپارەی زەکەریا، بەشی نۆ، پێغەمبەر زەکەریا پێشبینی کرد کە مەسیح دێتە ناو شاری قودسەوە بە سواری گوێدرژێك. ووتی، (ئەی کچی سییۆن زۆر دڵخۆش بە، ئەی کچی ئۆرشەلیم هاواری خۆشی بکە، ئەوەتا پاشایەکەت دێتە لات، دادپەروەرە و رزگارکارە، ڕۆحسووکە و سواری گوێدریژ و جاش ماکەرێک بووە.) (زەکەریا ٩: ٩)

لە بەشی یازدە، زەکەریا پێش بینییێکی سەیر نووسی یەك لەو ڕووداوانەی زەکەریا پێشبینی کرد ئەوە بوو کە مەسیح دەفرۆشرێ بە سی پارچە زیو. پێغەمبەر زەکەریا نووسیویەتی: (ئینجا پێم وتن: (گەر پێتان باشە، کرێیەکەم بدەنێ، ئەگەر نا لێی گەڕێن.) ئینجا کرێیەکەمیان بە سی پارچە زیو خەملاند... منیش سی پارچە زیوەکەم وەرگرت و بۆ گۆزەچییەکەی ناو ماڵی پەروەردگارم فڕێدا.) (زەکەریا ١١: ١٢، ١٣)

لەبەشی دوازدە، پێغەمبەر زەکەریا نەکە تەنها پێشبینی ئەوەی کرد کە جولەکەکان مەسیح دەفرۆشن، بەڵکو دەشیکوژن! ووتی: پەروەردگار دەفەرموێ، ڕۆحی میهرەبانی و پاڕانەوە بەسەر ماڵی داود و بەسەر دانیشتووانی ئۆرشەلیمدا دەبارێنم، جا تەماشای من دەکەن، ئەوەی زامداریان کرد و شیوەنی بۆ دەگێرن وەک شیوەن بۆ تاقانەیەک و لە تاڵیدا دەبن وەک لە تاڵیدا بوون بۆ نۆبەرەیەک... کە پێی دەڵێن: (ئەم برینانە چین لەدەستتدا؟) ئەویش دەڵێت: (ئەوەیە کە لە ماڵی دۆستانم پێی بریندار بووم.) (زەکەریا ١٢: ١٠ و ١٣: ٦)


بەم ووشانە زەکەریا پێشبینی کرد کە مەسیح برینی دەبێت لە دەستی. ئەم برینانە لە چییەوە دروست دەبێت؟ جولەکەی قەومی خۆی ڕۆمەکان رازی دەکەن کە لە خاچی بدەن. ڕۆمەکان ئەو کاتەی دەست و پێی بزمار ڕێژ دەکەن بە خاچەوە و پاشان بە ڕمێك لایەکی کون دەکەن. هەموو شتێك وەك ئەوەی زەکەریا پێشبینی کرد هاتە دی. ئەوەی پێغەمبەر زەکەریا نووسی لە ڕێککەوتنی هارمۆنیە لەگەڵ ئەوەی پێغەمبەر داوود پێشبینی کرد سەدان ساڵ لەوە پێش لە زەبوورەکان. کاتێ کە دەربارەی مەسیح نووسی: (دەست و پێی خۆمیان کونکردوو) (زەبوورەکان ٢٢: ١٦)

برادەران، خودا دەیەوێ بزانین کە مردنی مەسیح لەسەر خاچەکە گرنگترین بەشی پلانەکەیەتی کەوا زۆر لەو پێش دایرێژتووە بۆ

ڕزگارکردنی نەوەکانی ئادەم لە سزای گوناهەکانیان. مەسیحی ڕاستودرووست دەبوایە ئازار بکێشی تامردن بۆ ناڕاستودروستەکان! ئەوە پەیامی هەموو پێغەمبەرانی خودایە. ئەم هەموو شتە روونە لات؟ تێ دەگەی لەوەی زەکەریا پێشبینی کرد دەربارەی مەسیح نزیکەی پێنج سەد ساڵ لە پێش لەدایك بوونی مەسیح؟ ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پەیامی پێغەمبەران هەیە — کەوا مەسیح ئازار دەکێشی و دەمرێ وە یەکەم کەس لە مردن هەڵدەستێتەوە و بانگەوازی لێ خۆش بوون دەکات لە گوناە و هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە دەکاتە بەهەشتەوە؟ باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟ (تەماشای کرداری نێردراوان ٢٦: ١٨—٢٧ بکە) یاخود تۆش وەك جولەکەکانی، کەوا پێغەمبەرانی خودایان بە قسە بەرز ڕاگرت، بەڵام باوەڕیان بە پەیامەکانیان نەکرد؟

سەبارەت بە پەیامی پێغەمبەران، نووسراوە پیرۆزەکان ڕادەگەیێنێ: (پێشبینییەکان بە سووک مەزانن.) (١ سالۆنیکی ٥: ٢٠) (هەروەها وشەی پێغەمبەرانمان هەیە و چەسپاوترە، چاک دەکەن ئەگەر ئاگاداری بن، وەک بۆ چرایەکی گەشاوە لە شوێنێکی تاریک، تاکو ڕۆژ هەڵدێت و ئەستێرەی بەیان لە دڵتاندا هەڵدێت.) (٢ پەترۆس ١: ١٩) (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٧)

لە وانەی داهاتوو بخوێنین ووشەی پێغەمبەرێك دەبین کە دوایەمین بەشی نووسراوی پیرۆز نووسیوە پێش هاتنی مەسیح. خودا بەرەکەتدارت بکات کاتێ بەدوایی وەڵامێکی ڕاست دەگەڕێیت بۆ ئەم پرسیارە گرنگە لە ووشەی خودا: (باوەڕت بە پێغەمبەران هەیە؟) (کرداری نێردراوان ٢٦: ٢٧)



## گرنگترین پرسیارەکان بۆ ئەم وانەیە:

١. ئایا نادڵسۆزی جولەکەکان دەتوانێ دڵسۆزی خودا تێك بدات؟
٢. ئایا خودا ئەو شتەی بەڵێنی دابوو لە زاری پێغەمبەر ئیرمیا زۆر لەوە پێش جێ بە جێ کرد؟
٣. چیرۆکی گەڕانەوەی جولەکەکان بۆ قودس چ پەیوەندییێکی بە ئێمەوە هەیە؟
٤. لەو ئاگادارییە چی بوو کە پێغەمبەر زەکەریا بە جولەکەکانی دا؟
٥. بۆچی خودا لە باوباپیرانی جولەکە توڕە بوو؟
٦. ئەم برینانە لە چییەوە درووست دەبێت؟
٧. تێ دەگەی لەوەی زەکەریا پێشبینی کرد دەربارەی مەسیح نزیکەی پێنج سەد ساڵ لە پێش لەدایك بوونی مەسیح؟
٨. ئایا بەڕاستی باوەڕت بە پەیامی پێغەمبەران هەیە — کەوا مەسیح ئازار دەکێشی و دەمرێ وە یەکەم کەس لە مردن هەڵدەستێتەوە و بانگەوازی لێ خۆش بوون دەکات لە گوناە و هەموو ئەو کەسانەی باوەڕیان پێی هەیە دەکاتە بەهەشتەوە؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**
**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**
(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013
Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**
rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org